# پەندی ئاوێنە

خانزاد کچێکی جوانی وریا بوو، تەمەنی 23 ساڵ ئەبوو،کەچی لوتی بەکەسا نەئەهێناو خۆی لەوە پێ جوانتر بوو، شوو بکا بەوانەی هاتبوونە خوازبێنی کردنی.. تاقەتی ئیشی ماڵی هەر نەبوو.. بەردەوام لە کێشەیا بوو لەگەڵ دایکی، کە پێی ئەوت: ئەو حاجەتانە بۆ نەشۆراوە کچێ؟ ئەی ئەو جێگەو بانەت بۆ کۆنەکردۆتەوە؟ دانت داوە بە کەناری یەکان؟ ئەی ناو ماڵەکەت گسک داوە؟ حەوشەت شتووە؟ ئەم بگرەو بەردەیە لە بەیانیەوە دەستی پێ ئەکرد، بە جێگە ڕاخستنیش کۆتایی نەئەهات، چونکە ئەویشی نەئەکردو قسەکانی دایکیشی لەم گوێیەوە ئەڕۆشتو لەوی ترەوە ئەهاتە دەرەوە..وەنەبێ ئەم کچە هەر هیچیشی نەکردبێ.. وا نەبوو، خۆی کەمێك ماندوو ئەکرد، بەڵام هەر جوڵەیەکی ئەکرد، ئەبووایە بەتەماشای ئاوێنەوە بووایە.

تەواوی کاتە جیاوازەکان خانزاد لەبەر ئاوێنەدا ئەبینرا... پێویستی بەوە نەبوو کەس بۆی بگەڕێ.. خۆ کچی تریش ئەوەی ئەکرد، بەڵام بەم شێوەیەی خانزاد هەموو شتێکی نەکردبوو بە قوربانی ئاوێنە.. ئەوە قوتابخانەکەی بوو، نەچووەوە.. ماڵە خزم هەر نەئەچوو،حەزی لە ئاهەنگو هەڵپەڕکێ بوو.. لەبەر ئەوەی ئەمەیانی باش ئەزانیو ئێ! فرسەتێکیش بوو بۆ ئەو تا جوانیەکەی نیشانی خەڵك بدات!

لەیەکێك لەو ئاهەنگانەدا، کوڕێکی پڕ کارو جوانیەکەشی خراپ نەبوو،لێی چووە پێشەوەو پێی وت: کچی باش! ئەمەوێ قسەت لەگەڵا بکەم!!! کوڕە هەر ئەوەندەو پێ ڕانەگەیی هیچی تری پێ بڵێ، لچێکی خۆی ئاسای لێ هەڵقورتاندو پشتی تێکرد!

کوڕە کە جوانیەکەی خانزاد تەواو کاری تێکردبوو، ئەمەی پێ بەس نەبوو.. دەورو خولی داو لەو ئاهەنگەیا لێی نەئەبووەوە..دواتریش ماڵەکەیانی دۆزیەوەو بەئاشکرا دایكو خوشکی ناردە داوای! بەڵام لەو وەڵامە زیاتری چنگ نەکەوت! ئەمجارەیان بەدایکی کوڕەی وت: من شوو بەکوڕی تۆ ناکەم، شەڵێی پەڕەی پانکە لەلووتی داوە.. دایکی کە هەستایە سەر پێ وتی: کە شوو ناکەی تانەو تەشەریش مەگرە خەڵکیی کچم! لووتی کوڕی من، هیچی نیە، بەڵام هیوادارم تۆ لووتت دەموپلت دانەپۆشێو هەروا بەجوانیی بمێنیتەوە! کە ڕۆیشتن دایکی خانزاد چینێکی باشی بەخانزاد کرد لەسەر ئەو وەڵامە! بەڵام خانزاد باکی نەبوو، ئەو لەهیچە لووتی کابرای بەعەیببار لەقەڵەم دا، ئیتر چ باکی بەقسەیە! تەڕ تەڕ نەباشییەن بوو بۆ خۆی!

کاری یەکەم شەوی نەبوو، کە ئەنوستو ئاوێنەیەکی لەباوەشدا بێ! ئەمشەویش چووە ژوورەکەی خۆیو کەوتە قژ داهێنانو ڕێکخستنی، یەك دوو زیپکەی هەبوو ئەوانیشی بەسەر کردەوە..دەیان جار باوکی پێی وتبوو زیپکە

مەتەقێنە تا تەواو زەرد ئەبێ، ئەگینا ئەبێ بە پەڵە...کەچی ئەم، کە لەتەقاندنی زیپکەکە ئەبووەوەو جێگەکەی هەڵدەئاوساو دیار ئەبوو، بیری ئەکەوتەوە کە جارێکی تر نەیتەقێنێ!

ئەو شەوە تا ماندوو بوو،لە ئاوێنەی ڕوانیو خەریکی قژو پەرچەمی بوو.. یەك دوو باوێشکی هاتێو هەستی کرد خەوی دێت...بۆیە ئاوێنەکەی کەمێك لاداو لە جێگەکەیدا ڕاکشا... بەڵام بیری کەوتەوە کە تۆزێك بڕوانێتە برۆکانی، چونکە ئەمشەو بەهۆی ئەوەوە کە قژی تازە ڕێکخستبوو، نەیپەرژابووە سەر برۆی،تا بەدڵی خۆی زیادو کەمی بزانێو ڕێکی بخاتەوە.. ئاوێنەکەی هەڵبڕیو لە پڕێکدا چووە ناو ئاوێنەکەوەو تیایدا نوقم بوو!

ماوەیەکی زۆر ، خانزادئەوەندەی ئەزانی کە بەتاریکی دا ئەڕواتو جاروبار وەك سورمە،تیسماڵکێك تیشکی سوورو هەندێك جار سەوزو نارنجیو زەردو ئەرخوانیو ئیتر بەو شێوەیە،هەرجارەی تیشکێکی ئەبینی، کە ئەوەندە کز بووهیچ کارێکی نەئەکردە سەر تاریکی یەکە.. تاماوەیەك لە ترسو هەڵلەرزین زیاتر هیچی پێنەکرا.. ئەیویست بقیژێنیو دەنگی دەر نەئەهات.. زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە خەو ئەبینێ، بەڵام کەلێکی دایەوە دڵنیابوو لەوەی کە خەو نیەو ڕاستیە..ئەوەتا بەچاوی خۆی ئەیبینێ..دەستی بەدەموچاو و شانو ملی خۆیدا هێناو زیاتر دڵنیا بوو کە خەو نیە.. ناچار بوو پەلە بکات بۆ ئەوەی لەو تاریکیە ڕزگاری ببێت، تا بزانێ ئەگاتە کوێ؟

لەملاولاوە دەنگی پێکەنینێکی ئەبیست ، کە زۆرتر لەگگاڵتەپێکردنو سوکایەتی ئەچوو، تا لە پێکەنینی ئاسایی...لەدوورەوە چاوی بە دەروازەیەکی پڕ ڕووناکیی کەوت، وەك چۆن مرۆڤ لە تاریکی ی ناو تونێلەوە دەرەوە ئەبینێ، بەو شێوەیە بوو...بەرەو ڕوناکیەکە هەنگاوەکانی گورج کردەوە تا ببینێت، ئەو جێگەیەی بۆی هاتووە کوێیە؟ تا لەڕووناکیش نزیك ئەبووەوە، دەنگی پێکەنینەکە ڕووی لە زیادیی ئەکرد!

گەیشتە دەرەوە، جارێ تا ماوەیەك نەئەتوانی هیچ ببینێ چونکە ئەو تیشکەی لەچاوی ئەدا زۆر تیژ بوو، پاشان لەدوورەوە دەریایەکی گەورەی بەدی کرد،کەنارێکی درێژی ئەوتۆی هەبوو، تا چاو بڕی بکردایی، نەئەبڕایەوە... بە پشتی خۆیدا ڕووانی، دەرگایەکی بچووکی بینی بەشاخێکی بەرزەوە، تێگەیشت کە خۆی لەوێوە هاتۆتە ئەم جێگەیە.. بەڵام ئەم جێگەیە نە کەسێکی تێدا بوو ئەم بیبینێو نەدارێك بۆ سێبەرو نە شتێکیش بۆ خواردن.. هیچ هیچی نەبینی .. زۆر دڵنیا بوو لەوەی: بەمانەوەی لەم شوێنەدا، یان لەبرسا ئەمرێت، یان دەعباو دێو و درنجی لێ پەیدا ئەبێو ئەبێ بەخۆراکی ئەوان.. بەبێ ئارامیەوە ملی ڕێگەی گرتە بەر، بۆ جێگایەك کە نازانێ کوێیەو هەر نەشی ئەزانی بەچ لایەکدا بڕوات، بڕیاری دا بەرەو ئاوەکە بچێت..هەر ڕۆشتو نەگەیشتە ئاوەکە.. تا پێیەك لە ئاو نزیکتر بووایەتەوە، ئاوەکە زیاتر دوور ئەکەوتەوە...سەرەتا بڕوای بەچاوی خۆی نەکرد، بەردێکی گەورەی لەکەناری ئاوەکەدا بینیو کردی بەنیشانە... گەیشت بەردەکەو ئاویش بەهەمان مەودای دووریی خۆی، هەر دوور بوو... ئەوکاتە تێگەیشت ، کە ئەمە ئاو نیەو تراویلکەیە، ئەوەی کە شاعیرەکان حەز ئەکەن پێی بڵێن سەراب..

بێ ئومێدی، چوار پەلی شکاندبوو،دەرووی ڕوونیی شك نەئەبرد! نەجێیەك هەیە بۆ حەوانەوەو، نە ماڵێکیش بۆ ئارام گرتن! پاڵی دا بە گابەردەکەوەو کەوتە لێکدانەوەی بەسەرهاتە تاڵەکەی، هەر خێرا بۆ ئەوەچوو، کە ئەم شتانە لەتۆڵەی ئەو قسەیە ڕووی داوە کە بەو کوڕەی وتبوو، ئەوەی هاتبووە خوازبێنی ی! بیری کەوتەوە کە دایکی کوڕەکە نزایەکی خرا پی لێکرد، بۆیە هەر خێرا دەستێکی بەدەموچاویا هێناو لە زلیی لووتی خۆی سڵەمیەوە..دەستیکرد بەگریان‌و ئینجا وتی: چیم بەخۆم کرد؟ نەئەبووایە بەو شێوەیە وەڵامی دایکی ئەو کوڕەم بدایەتەوە.. کەوتە پاڕانەوەو بەدەم هەنسکەوە چەند جارێك ئەیوت: دایکی کوڕە جوانەکە لێم ببوورە، من هەڵەم کردووەو تۆ سزام مەدە، دەخیلتم، من گوناهبارم، هەڵەم کردووە، بمبەخشە.. زۆری وت‌و هیچ دادی نەبوو.. ئیتر کەوتە جنێو پێدانی و ئەیوت: دڵڕەشی کتوکوێر! چیت لەدەست دێ، بیکە،بەڵێ لووتی کوڕەکەت ئەڵێی لووتی تووتیە، ئەوە لە بەخیلیا وات پێکردووم... ئەی کینە لەسك، ئەی ڕشکاوی، وا لەمن مەکە، بڕۆ ڕشکەکانی سەری خۆت دەربێنە هەی کرماوی...گوناهی ئێمە بوو دەرگامان لێکردیتەوە، تۆ ئەو ژنە نەبووی هەر پێ بخەیتە ماڵی ئێمەوە، تۆو کوڕو باوانیشت هەموو گڵاون! چیت لەدەست دێ منەتت نەبێ!.. بەدەم گریان‌و لوشکە لوشکەوە، سەری خستە سەر ئەژنۆی‌و هەر ئەگریا!

دەنگێك لەتەنیشتیەوە پێی وت: هەستە مەگری!!!ئەوە لەترسا ئەگریت؟.. خانزاد داچڵەکی‌و سەری بەرز کردەوە، بینیی وا : هەڵۆیەکی گەورە لەبەردەمیا وەستاوە، خەریك بوو زارەترەك بێ ئەوەندە ترسا! بەڵام هەڵۆکە بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: مەترسە، من ئەمەوێ یارمەتیت بدەم! هەستەو سەر پشتم بکەوە، با لەم چۆڵەوانیە ڕزگارت بکەم.. ئەییەمە ئاوەدانی!.. خانزاد وتی: تۆ کێیت‌و چ کارەی؟.. هەڵۆ وتی: من هەرکەسێك بم!!! تۆ بۆت نیە بپرسی! ئەگەر ناشتەوێ لێر ڕزگار بی، من ئەڕۆم.. هەڵۆ باڵی کۆکردەوەو خانزاد وتی: بوەستە بۆ هەر شوێنێکم ئەبەی دێم!..هەڵۆ وتی: ئەی لەم تەنیاییەت باشتر نییە؟

هەر کە سەرپشتی هەڵۆ کەوت، خانزاد پرسیی: بۆ کوێم ئەبەی؟.. هەڵۆ وتی: بەرەو شوێنێك ئەچین کە تۆ نازانی کوێیە! جا چ سوودی هەیە پێت بڵێم؟.. خانزاد وتی: باشە هەڵۆی ڕوح سووك کێ تۆی ناردە لای من؟ هەڵۆ وتی: خواوەندی جوانی منی نارد، ئەو لەدوای شێوەی جوان‌و کرداری جوان‌و وتەی جوان ئەگەڕێ.. تۆش ئەو مەرجانەت تیایە... خانزاد، بیری کردەوە،هەندێك سەری سوڕماو هەندێکیش بەخۆیدا چووەوەو لە دڵی خۆیدا شەرمێکی گرت..ئەم ڕاستە جوانی ی هەیە، بەڵام کرداری جوان‌و وتەی جوانی لای خۆی شك نەئەبرد.. بەهەرحاڵ، بەدرێژایی ڕێگایەك کە خانزاد نەیئەزانی چەندە، زۆر گوتارو قسەی بیست کە تا ئەو دەمە نەیئەزانی‌و هیچی لەبارەوە نەبیستبوو.. هەڵۆ باسی سەربەستی‌و ئازادیی ڕوح‌و ئازادیی خەیاڵی ئەکرد، خانزاد تەقەی سەری ئەهات، بەڵام خۆی وا نیشان ئەدا کە باشی تێ ئەگا..

گەیشتنە ناو باخ و گوڵزارێکی زۆر جوان و دڵڕفێن... تەمێکی نزم و نزیک ئاسمان و سنوورەکانی ئەو باخ و چیمەنەی داپۆشیبوو..هەوایەکی شێدارو ئارامی هەبوو..هەموو شتێك نیمچە تەڕو بریقەدار بوو..خانزاد خەمی لووتی دایگرتبوو، ئەوەندە چێژی لەو جوانیە وەرنەئەگرت.. لە ڕێگە کە لە هەڵۆی پرسیبوو: بەچی چاك ئەبمەوە؟..هەڵۆ وەڵامی نەدابووەوەو بازی بەسەرا دابوو.. خانزاد لەم مێرگ و گوڵزارەدا هیوای نەبوو، ئەیویست بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان، بەڵام هەڵۆ دڵنیای کردبوو کە جارێکی تر ناگەڕێتەوەو ئیتر تەواوی ژیانی لای ئەوان بەسەر ئەبا.. بۆیە ئەو هەموو جوانیەی باخەکەی بەلاوە گرنگ نەبوو، هەڵۆ پێی وت: بچۆرە باخەکەوەو من و تۆ تا ئێرە هاوڕێ بووین و تەاو، کەسێکی تر ئەتباتە لای خواوەندی جوانیی... خانزاد ئەوەندە نائومێد ببوو، هیچ مەبەستی نەبوو کێ ئەبێ بە هاوڕێی و کێ جێی ئەهێڵێ.. هەر زۆر بەئاسانیی ماڵئاوایی لێکرد.. تەنها شتێك کە ئەیویست بیبینێ، خواوەنی جوانی بوو.. شتێکی لەبارەوە بیستبوو.. هەندێك بەناو باخەکەدای گەڕاو ئاسکێکی لێ پەیدا بوو.. ئاسك وتی: دوامکەوە خانزاد.. خانزاد وتی: ئاوێنەیەکم ئەوێ، ئاسك وتی: باشە با بڕۆین بۆ ژووری ئاوێنە بەند.. ماوەیەك ڕۆیشتن و گەیشتنە ژووری ئاوێنەبەند.. خانزاد هە ر لەگەڵ خۆی بینی ویستی بقیژێنێ و دەنگی دەرنەهات.. هەر چوار لای ژوورو بنمیچ و زەوی یەکەی ئاوێنە بوو، ئاسکەکە نەماو دەرگایەکیش نەمایەوە بۆ خانزاد بچێتە دەرەوە.. هەر چاوی هەڵبهێنایە خۆی ئەبینیەوەو لووتێکی زۆر زل، ڕوخساری تەواو تێکدابوو..ئیتر بەردەوام چاوی داخست، نەیئەوێرا چاوی بکاتەوە.. دەنگێك لە ئاوێنەکانەوە هات و وتی: بۆ سەیرم ناکەی خانزاد گیان؟ خانزاد چاوی گێڕا لەدیمەنی ناشیرینی خۆی زیاتر هیچی نەبینی و چاوی داختەوە... ئاوێنە وتی: خانزاد گیان چی ڕووی داوە بۆ چاوت دائەخەی؟؟ خانزاد وتی: تۆ کێی؟.. ئاوێنە وتی: هەر خۆمم بەقوربان ئاوێنە خۆشەویستەکەی جارانت!! خانزاد وتی: نامەوێ بتبینم ئیتر تا ماوم تەماشات ناکەم! ئاوێنە وتی: چی بووە، ئەگەر تۆ کەمێك شێوەت گۆڕاوە ناکاتە ئەوەی ئیتر خۆت نەبینی... ئەوە چاوی خەڵکە کە لووتت ئەبینێ! گرنگ ئەوەیە تۆ ناخت وەك خۆی بمێنێتەوە.. تۆ پەیوەندیت نەبێ بەوەوە کە خەڵکیی چۆنت ئەبینن، ئەمەیان کاتیە، تۆ هەوڵ بدە کارێك بکەی لە زەین و دڵی ئەوان و پاشەڕۆژدا بی، شێوەی مرۆڤ هەر هیچ نیە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ دڵ و دەروونی پاك بێ و خەڵکی خۆش بوێ، ئاوێنەش ڕەنگدانەوەی شێوەتە، هەوڵ بدە لە شتێکدا ناخیشت ببینیەوە.. من بەر چاوت چۆڵ ئەکەم، با لووتت نەبینی، بەڵام ئەو هەموو وتە ناشیرین و ئەو هەموو بێ باکیی ی و گوێ پێ نەدانەی خۆت ئەبیسیتەوە، کەچی بەلاتەوە ئاساییەو زیاتر کەسانی تر بریندار ئەکەیت.. ئاوێنە لە قسەکانی بووەوەو ون بوو.. ژوورەکە نەماو بوو بە ەشتێکی کاکی بەکاکی، ئاسکەکە پەیدا بووەوەو بەیەکەوە ڕۆشتن... بەڵام خانزاد پێی وت: برسیمە، ئاسکەکگە ڕێنمایی کرد کە تاوێك خۆی بگرێت.. خانزاد وتی: تۆ زۆر جوانی ئاسکەگوڵ! ئاسکەکە وتی: جوانی ئێمە چیە؟ هەر ڕۆژێك بێ پلینگێك ڕاومان ئەکاو ئەمانخوا.. گرنگ ئەوەیە تا لەژیاندام بتوانم خزمەتێك بکەم.. جوانیی لەناووەویە..جوانی ی ڕوکەش هەڵخەڵەتێنەرە.. ئاسکەکە

بردی تا گەیشتە سەر چەمو کانیاوێکی خۆش، خانزاد حەزی لە تەماتەو نان بوو، ئاسکەکە فەرمانی داو دوو مەیمونی توکن خواردنەکەیان بۆ هێنا.. ئاسکەکە وتی: بڕوانە ئەو دوو مەیمونە نمونەی ناشیرینین لای مرۆڤ، کەچی بە تەنگ داوەکەی تۆوە هاتانو خزمەتیان کردی.. وردە وردە، خانزاد لە خەمی لوتیدای نەئەماو تەماشای ئەو گیاندارانەشی ئەکرد چەندە لەهەوڵی پاککردنەوەی دڵو دەروونی خۆیاندان،ئەویش بەدڵ حەزی ئەکرد،،،خزمەتێك بکات، بەڵام هەر کە دەستی ئەبردەوە بۆ لووتی پەژارەو خەم دایئەگرتەوە.. ئاسکەکە وتی: هاوڕێیەتیمان تائێرە بوو، ببوورە جێت ئەهێڵم! خانزادیش ماڵئاوایی لێکرد، پاش ئەوەی کە ئاسکەکە ماسیەکوی ڕاسپارد بیگەیەنێتە لای خواوەندی جوانی.. ماسی لەچەمەکەوە ئەڕۆشتو خانزادیش بەقەراغی چەمەکەدا...

خانزاد وتی: سوورە ماسیی تۆ زۆر جوانی ماسی وتی: جوانی ی من لە کوێدایە؟ نەدەستم هەیەو نە قاچ،نە ئەشتوانم لە ئاو بێمە دەرەوە، بەڵام ئەوە هیچ گرنگ نیە، لای من گرنگ ئەوەیە چەندە بتوانم بەم بێ دەستو قاچییەوە خزمەت بکەم.. دنیام خۆش ئەوێو لە خۆشەویستیی زیاتر شك نابەم بەجیهانی ببەخشم،لە دواییشدا مرۆڤێك یان باڵندەیەك لەئاوم دەردێنێو ژەمە خواردنێکی باشیی بۆ دابین ئەکەم.. خانزاد بیری کردەوە، کە ئەتوانێ سوود ببەخشێ..ڕاستە جوانی ڕووکەش بەجوانیی ناوەوە جوانتر ئەبێ.. بەڵام گرنگتر جوانیی دڵو دەروونە!

ماسیەکە بەدەم قسەی شیرینەوە خانزادی گەیاندە جێگەیەكو پێی وت: ئازیزم ئێمە تائێرە ئەتوانین هاوڕێ بین،ئیتر ڕێگەی وشکانیی دەست پێئەکاتو من بەگوێرەی توانای خۆم توانیم خزمەتی تۆ بکەم،ئیتر پێم ناکرێ!.. بڕۆ سواری ئەو فیلە ببە ئەو ئەتگەیەنێتە لای خوای جوانیی!.. خانزاد هەر بەدەستوری ئەوانی تر ماڵئاوایی لە ماسیەکەش کردو چووە سەر پشتی فیلەکە.. فیلەکە بەڕوویەکی زۆر خۆشەوە وتی: ببورە ئازیزم، ڕەنگە من نەتوانم ئەو خزمەتەت بکەم کە پێویستە.. زۆربەی ڕێگاکە ئاوێنە بەندە،بەهۆی قورسیی ئێمەوە زۆریان شکاون، من شوشە بەقاچما چووەو ناتوانم بێم،تکایە کەمێکی تر بە پێ بڕۆ، هاوڕێیەکم ئەبینیتەوە ئەو یارمەتیت ئەدا.. خانزاد کە هیچ بە وەڵامی فیلەکە دڵگران نەبوو، سەرباری ئەو هەموو ڕێیەو ئەو هەموو ماندوێتیەشی، بەشێوەی گفت و گۆی فیلەکە سەرسام بوو، بیری کردەوە کە فیلەکە: نە دڵی ڕەنجانو نە کارەکەشی بۆ کرد.. ئیتر ماوەو دوا هەر بە پێ ڕۆشت...یەك ڕێگا بوو بۆیە سەری لێ تێك نەچوو... لە شوێنێك لایدا بۆ حەوانەوە، کەمێك پشووی داو فیلێکی تر هات.. سەر پشتی کەوتو بەردەوام بوونەوە لە سەر ڕ ۆیشتن.. بەڵام بە پێچەوانەی هەموو گیاندارەکانی ترەوە ئەم فیلە، زۆر پەستو غەمگین بوو.. بەشێوەیەك کە خانزاد پێی وت: ئەگەر بەوە دڵگرانیت کە ڕێنیشاندەرم ئەبیتو بەسەر پشتەوەم، گرنگ نیە هاوڕێ گیان، من دائەبەزمو خۆم ڕێگە ئەدۆزمەوە.. فیلەکە وتی: نەخێر بەوە دڵگران نیم.. زۆر پرسیاری تری لێکردو فیلەکە لە کۆتاییدا پێی وت: ئەوەی تۆ بۆی چوویت، هیچی وانەبوو، خانزاد وتی: حەز ئەکەم بزانم چی دڵگرانیی کردوویت؟ بەڵکو بتوانم هاوکاریت بکەم!

فیلەکە وتی: ئێمە هێشتا لەسەرەتای ڕێگەداین، پاش سێ شەو و سێ ڕۆژی تر ئەگەینە ڕێگەی ئاوێنەبەندو چوار شەو و چوار ڕۆژ ئەبێ بەسەریدا بڕۆین ئینجا ئەگەینە خواوەندی جوانیی... خانزاد وتی: جا ئێمەش بە هەوای شان ئەڕۆین و خۆمان ماندوو ناکەین! فیلەکە وتی: من لە ماندوو بوون و نەبوون ناترسم... خەمی من ئەوەیە کە بەدرێژایی ڕێگەی ئاوێنە بەند لووتی خۆم ئەبینم کە چەند دزێو و ناشیرینە، چەند درێژو نالەبارە، من خەفەتی پێ ئەخۆم هاوڕێ گیان، ئێستە تێگەیشتی لەچی دڵگرانم؟

خانزاد، یەکسەر لووتی خۆی بیرکەوتەوەو هەستی کرد کە ئیتر بووە بە یەکێك لەوان.. بۆیە بە پێویستی زانی، خزمەتێکی ئەم فیلە داماوە بکات، بەوەی دڵخۆشیی بداتەوەو کەمێك باری سەرشانی سووك بکات.... دەرفەتی قۆستەوەو دەستی کرد بەقسەکردن و ئەو قسانەی لە هەڵۆو ئاوێنەو ئاسك و ماسیەوە فێری ببوو، هەمووی بە زیاترەوە، وتەوەو پێی وت: ئەی تەماشای لووتی من بۆ ناکەی؟ بزانە چەند دزێوە! هەر گوێشی نادەمێ، گرنگ ئەوەیە بتوانم کارێکی باش بەرهەم بێنم!!.. فیلەکە وتی: تۆ ژانی خۆت لەدڵی خۆتدایەو منیش هەر بەو شێوەیە.. من دڵنیام کە تۆش خەفەت لە لووتی خۆت ئەخۆی بەڵام ناتەوێ بۆ منی باس بکەی!!.. خانزاد وتی : بڕوام پێ بکە هەر بیریشی لێناکەمەوە، گرنگ ئەوەیە من جوانیی ناخم بپارێزم کە ئەوەیان بەدەست خۆمە.. فیلەکە وتی: ئاخر من بەردەوام لە ئاوێنەکانەوە ئەیبینم!!.. خانزاد پێی وت: من پێش ئەوەی وام بەسەر بێت، هەمیشە خەمم ئاوێنە بوو، بەڵام ئێستە گاڵتەم بەو کاتەی خۆم دێت.. خۆزگە ئەچوومەوە ئەو بارە، بزانە لە پێویست زیاتر ئاوێنە بەکاردێنم؟؟؟ تۆش وا بکە، با سەرنجت بەردەوام لەسەر ئاوێنەکان نەبێت!!..

تا گەیشتە ڕێگەی ئاوێنەبەند، ئەو سێ شەو و سێ ڕۆژە، بەردەوام خانزاد دڵخۆشیی فیلی ئەدایەوەو هەر بەڕاستی لووتی خۆی بیرچووبووەوە.. کە گەیشتنە ئەوێ و پاش ماوەیەك ڕۆیشتن، فیلەکە وتی: پێم وایە ئەم قسانە لە دڵتەوە بێنە دەر... خانزاد قسەکەی ئەوی سەلماند... ئیتر فیلەکە وەستاو وتی: ئەوە خانزادەخان! تۆ گەیشتیتە خوای جوانی و ئەوەتا لە ناختایە، خواوەند لە دڵ و گیانی ئەو کەسەدا ئەژی، کە هەردەم کردەی جوان و وتەی جوان و ڕەوشتی جوانە!.. ئیتر تا ماوی خوای جوانی لەناختایە...فیلەکە سەری بۆ خوارەوە نەوی کردو خانزاد، هەر بەشێوەی خلیسکێنە، بەسەر لووتیا خزاو کەوتە سەر ئاوێنەیەك و نقوم بوو تیایا... بەڕێگەیەکی کریستاڵی و ڕەنگاڵەیی هێمن و پڕ مۆسیقادا تێ پەڕی.. تا لە ئاوێنەی ژوورەکەی خۆیەوە سەری دەرهێنا...سەیری سەعاتەکەی کرد، تەنها یەك سەعات تێ پەڕی بوو.... ئەزانن بۆچی کەهات بۆ ئەو جێگەیە، پێکەنینی سوکایەتی ی ئەبیست؟... چونکە ئەو کاتە بەشێوەی جوان و دەروونی خراپەوە کەوتە ئاوێنەکەوە...کەچی ئێستە بەو لووتە ناشیرینەوە ئەڕواتەوە، لەبەر ئەوەی دڵ و دەروونی پاکە، ڕێگەکەی زۆر هێمنەو پڕ مۆسیقایە.

کاتێ کە خۆی بینی لە ئاوێنەکەیماڵەوەدا، لووتی هاتبۆوە جێی خۆی،بەڵام خانزاد دڵی پێی خۆش نەبوو چونکە وانەی نوێ فێر ببوو.. ئیتر ئاوێنەیەکی بچوکی هێشتەوە بۆ پێویستیو بۆ بەیانی ئەوانی تری دایە دەست دایکیەوە.. هەرچەندە خانزاد ئەم چیرۆکەی بۆ هیچ کەسێك نەگێڕایەوە، بەڵام هەر بەکردەوەی جوانو وتەی چاك ماڵەکەی ئاوەدان کردەوەو هەموو کەسێکیش هەستی بەگۆڕانی کرد، ئیتر ئەرك و کارەکانی خۆشە بەگورجو گۆڵیی جێبەجێ ئەکرد..ئیتر بوو بەبەشێك لەخوای جوانی...